# دوكتۆر كەماڵ ئازاد نەكراوە.ئازادی دوكتۆرمان دەویێت بێ. چاو بزكردنەوەی كۆندیلیزا ڕایس

## تەها ئەمین هەڵەدنی

بەداخەوە، کێشەی دوکتۆر کەمال نەبوە خالّی وەرچەرخان. دەسەلاّتدارانی کورد، کەڵکیان وەرنەگرت، لە 30 ساڵ دەسەلاّتی ئاگر و ئاسنی، ڕژێمە دەسەلاّتدارە فاشستیەکانی ناوچەکە. گەندەڵی بوە مۆتەکەی سەردەڵی دەسەلاّتدارانی ڕژێمەکانی خۆرهەلاّتی ناوەڕاست، ئومێدیشە، و نوخشەش بێ لە دەسەلاّتی کوردی.

(زهور و سقوت سلتنت) جلد اول، خاترات ارتشبد سابق ،(حسین فردوس) وەزیری دەرباری شای ئێران، کە هەتا مرد یدیش هەر شا پەرست بوو. شاە پەرستەکان، تا ئێستاش شانازی دەکەن،بەم پەرتووکەی (حسین فردوس). لە لاپەرە 205 تا لاپەرە290 (محمەد رەزا و زن) دەنووسێ : کە من وەک نووسینەگەی شاە لە دەرەوەی وولاّت کار سەرەکیم پەیدا کردنی سۆزانی بوو، بۆ شاە. چەند نموونیە: کیژێک بەناوی گریس کیلی هونەرمەندی شانۆ. شاە دووجار لەگەڵ شاە دا سێکسی کردوە، بە بەهای 1میلیۆن دۆلار زێری وەرگرتوە، جگە لە پارە. خانمی کیلی پاشان شووی بە شازادەی مۆناکۆ کرد. دواتر بە ڕووداوی ماشێن مرد.

یەکێک لە شاجوانانی سویدیان بە فرۆکەی تایبەت بردراوە بۆ شاە، ئەویش 1 میلۆن دۆلار بەرکەوتوە. لە نێو خانماندا هەبوە، بۆ یەک شەو سێکس لەگەڵ شاە دا 10 میلیۆ دۆلاری وەرگرتوە. ئەو دەنووسێ فرۆکەی تایبەت فەراهەم کراوە، تەنها بۆ هێنان و بردنی سۆزانی بۆ شاە. بەلاّم لە هەمانکاتدا زۆربەی گەلای ئێران برسی ڕەجاڵ بوون.

یاسر عەرەفات کە مرد، خاوەن 30 ملیارد کرۆنی سویدی لە بانکدا هەبوو، بەلاّم 75% فەلەستینی لەسەر زبڵدانەکان ژیانیان دەگوزەراند.

http://www.dengekan.com/doc/2004/11/Haladne17.pdf

هاواری گەلی کورد بۆ ئازادی دوکتۆر کەمال، بۆ ئازادی کەسایەتی خودی دوکتۆر نەبوو، بەڵکوو هاوارێک بۆ ئازادی ڕادەربڕین، بۆ ئاشکراکردنی سەروەتوو سامانی خەڵک.

زۆربەی هەرەزۆری ئەوانەی داوای ئازادی دوکتۆر کەمالیان کردبوو،دوکتۆریان نەدەناسی، نووسەری ئەم دووسێ دێرە دوکتۆری نەدیوە، بایی دوو کیلۆبایتیش نەیدواندوە، لە نێتیشدا نەبێ، وێنەی نەدیوە.

خەڵکی کورد داواکارە، کە دەسەلاّتدارنی کورد لاسایی شای ئێران سەدامی عروبەو ئیسلام نەکەنەوە. خەڵکی کورد داواکاریکرد، کە کۆتایی بە گەندەڵێ بێ لە ڕیشەوە، بەداخەوە نەتانتوانی، ڕێز لەو هەموو داواکاریەی خەڵکی کورد بگرن. کە دوکتۆر کەمال ئازاد بکەن.

نەتان توانی کەڵک لە مێژووی ڕەشی شای ئێران ، سەدامی عروبەو ئیسلام وەربگرن. دوکتۆر کەمالی ئازاد نەکراوە، ئازادی دوکتۆر لەبەر چاو زیت کردنەوەی چاوە زیتەکانی کۆندلیزا رایس بوو، بەداخەوە.

ئازادی دوکتۆر کەمالمان دەوێت بێ چاو زیتکردنەوەی کۆندلیزا ڕایس.